# عێراقی هەمووان .. عێراقی کەس

**هەردی مەهدی میکە**

Hardi_mahdi@yahoo.com

لەم رۆژانەدا عێراق بە حاڵەتی جێگیرکردنی حکومەتێکدا دەچێت کە تیایدا یەکەم حکومەت پێکدێت ، کە (کاتیی نیە) و بڕیاریشە دەستورەکەی لەم دەردە رزگاربکات کە ئیتر پاش دەیان ساڵ هێشتا هەر دەستورەکەی (موقت) نەبێت. ئەمەش لە خۆیدا مانایەکی گرنگ دەبێت بۆ چوونە نێو قۆناغێکی نوێ و شێوازێکی ترە لە بیرکردنەوەی سیاسی عێراقیەکان، دەسەلاتێکی نوێترە بە عێراق لەکاتێدا مێژوویەك هەیە لە عێراقدا سیستمی سیاسی تەنها سیستمی خۆسەپێن بووە، ئەگەرچی ئومێدەکان بە عێراق لەسەرو هەنگاو و پرۆسەی سیاسی سەرکردە و نوێنەرەکانی توێژە جیاجیاکانە ، لە چوار پێنج ساڵی رابردوودا ئەوەش دەرکەوتوە کە ئەگەر جاران ناجێگیری و نادڵنیایی هاوڵاتیان لەوەوە هاتبێت کەدەسەلاتەکەیان شەرعیەتی لە گەلەوە وەرنەگرتبێت، ئەوا ئەم چەندساڵەی دوایی گرفتەکەی لەوەدا بووە کە دەسەلات کێشەی داپۆشیوە نەك چارەسەر.

لەمرۆدا عێراق بووەتە تەنافێك کە پیایدا چەندین کێشەی نوێ و کۆنی مێژوویی هەڵواسراوە، کە ئەگەر بەمجۆرە بمێنێتەوە رەنگە تەنافەکە بپچڕێت و نەتوانێ ئەم بارە قورسانە هەلگرێت، ئیتر من لەوە زیاتر نارۆم کە ئایا پچڕانی تەنافەکە چەندپارچەیی عێراقی لێدەکەوێتەوە یان یەکێتیەکی عێراق دەبێت بەلام پڕ لە جەنگ و نائارامی ناوخۆیی، راستیەکەی ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ حاڵەتێکی ئاسایی سیاسی نیە، ئەوەندەی نەشەڕ نەئاشتیە، گەر کەرکوك بە نمونە وەرگرین ، دەبینین هەموو هێزەکان سەرەڕای ئەوەی چاوەڕێی پچڕاندنی زۆرترین پشکن بە هەق و ناهەق، چاوەڕێی ئەوەشن کە حکومەت لە چوارچێوەیەکدا هێزەکان کۆکاتەوە و شەرێکیان پێبکات و بگەنە یەك ئەنجام کە ئەمە شتێکی ئەستەمە، هەرئەوەشە تا ئێستا دوای سێ کابینەی حکومەتە ناوەندیەکان کەسیان جورئەتی بە جدی چوونە پێشەوەی کێشەیەکی وەکو کەرکوکی نیە، بەبڕوای ئێمە ئەوەندەی ئەو دواخستنانەی کەرکوك بۆ 2006 و 2007 و ..تاد، دورخستنەوەی ئاگرەکەیە لەو حکومەتە، ئەوەندە چارەسەر نیە، چونکە سەرۆك وەزیر نایەوێت مەسئولیەتێکی مێژوویی بێنێتە سەرخۆی، لەبەرئەوەی لەوەدا دڵنیایە کە هەرگیز پشکەبەرکەوتوەکان لە کەرکوکدا یان هەرکێشەیەکی لەو شێوەیە لە ئاست ئەو چاوچنۆکیەی هێزە سیاسیەکاندا نیە، لە دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆر هێزەسیاسیەکانی عێراق زۆر چاوچنۆکانە پەلاماری پشك و پۆست دەدەن ئەمەش وایکردوە کە هەرگیز نەگەنە بناغەیەکی یاسایی چونکە کەس بە بەشی خۆی رازی نیە و هەموو لایەنێکیش منەتەکانی بەسەر عێراقدا دەرژێتەوە "لەبەر عێراق بە فلان کردەی سیاسی رازین"هەموو هەروا دەڵێن..

راستیەکەی لەم نمونەی کەرکوك و لەو هەنگاوانەی سیاسیەکانی عێراق دەگەینە ئەنجامێك ، هەموو ئاواتەکان بۆ عێراقێك دەڕوانن کەببێتە ئومێدی ئایندە و سەدای مەدەنی و ببێتە خۆری دیموکراسی رۆژهەلاتی ناوین، بەلام بەراستی ئەمە لەوکاتەدایە کە تەنها بۆ دروشمەکان بڕوانین ، نەك شیکاری خواست و دروشمەکان بکەین، چونکە خودی ئەم دروشمانە بۆیە عێراق بە عێراقی دیموکراسی دەزانێ لەوەدا کەلە دیموکراسیەتی داهاتوودا بتوانێ خواستە چاوچنۆکەکانی بێنێتە دی .. ئیتر خواستی فراوانی شیعە و ویلایەتی فەقیە بێت، خواستی بەرزەفڕی سوننەی ئیسلامی بێت، عەلمانیەتە ئالۆزەکەی عەلاوی بێت کە پڕە لە کەسایەتی سەیر و ناعەلمانی، دیموکراسیەك بێت کەهەر بەو ئالیەتە بەعس بگێرێتەوە بۆ گۆڕەپان بە رابەرایەتی موتلەکی وتارتیز، یاخود عێراقی هەموان بێت بۆ ئەوەی کە کوردەکان تۆڵەی هەموو مێژووی مێژووی عێراق بکەنەوە.

راستیەکەی هەموو ئەم خواست و پەلامارە سیاسیانەی کە سیاسەتوانەکانی عێراق خۆیان مەلاس داوە بۆ فرسەتی پەلاماردان و پچڕاندنی خواستەکان و جێپێگرتن لە عێراقی ئایندەدا، بۆیە دروشمەکان لەوەوە هاتوون کە عێراق عێراقی هەموانە بەبڕۆای ئێمە لەوەوە دێت هەموو هێزێك دەیەوێت زۆرترین پشکی هەبێت، بەلام راستی و واقیع عێراق بەشی ئەوە ناکات و مەگەر... .. گرفتەکە لەوەدایە هێزێکی مامناوەندی نیە کە هەموو ئەم جەمسەرانە کۆکاتەوە ، خواستێکی ناوەندی لەو جۆرەش لە ئارادا نیە کە رازیان بکات بە یاسایەك ، سیاسەتێك، دەستورێك کە داهاتووی لەسە ربنیاد بنێن.

لەبەرئەوە دواجار ئەم دۆخەی ئێستەی عێراقی تێدایە رەنگە زیاتر درێژە بکێشێ ، کێشەکانی ناو عێراق هەمیشە هەڵدەپەسێردرێن، حکومەت ئەو حکومەتە نیە کە چارەیان کات یان چارەیان نەکات یان ستەم بکات، حکومەتی زیرەك حکومەتێکە کە کێشەکە دەستاودەست بکات بۆ حکومەتی دوایی خۆی ئەمەش وەك یاری بەریدی لێهاتوە، رێك ئەم حاڵەتەشمان لە کێشەی کەرکوکدا بینی کە سێ حکومەت بە یەکتریان سپارد و ئەوا چاوەڕێی چاورەمیشین.

لەبەرئەوە لە عێراقی ناو دروشمەکاندا عێراقی عێراقی هەمووانە ، لە رووی پرۆسەی سیاسیشەوە عێراقی هیچ کەس نیە و هەموو هەر بەنیازی عێراقە و عێراقیش بە نیازی ئێمە، تیرۆریش هەنگاو بەهەنگاو لە گەڵ باڵای عێراقی نوێدا باڵادەکات.